کوردستان دوای چارەسەرکردنی کێشەی تەکنیکی، هەناردەکردنی نەوت دەستپێدەکاتەوە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند، بەهۆی دروستبونی چەند کێشەیەکی تەکنیکی هەناردەکردنی نەوت ڕاگیرا، بەڵام لە ئێستادا ئەو کێشانە بەتەواویی چارەسەرکراون و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوبارە دەستپێکردەوە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕونکردنەوەیەکدا باسی لەوەکردوە، "ئەمڕۆ ڕێکەوتی (3ی تشرینی یەکەمی 2025) بەهۆی دروستبونی چەند کێشەیەکی تەکنیکی لە بەندەری جێیهانی تورکی، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بەندەرەکە ڕاوەستا، لێکاتی ئێستادا ئەو کێشانە بەتەواویی چارەسەرکراون و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوبارە دەستی پێکردەوەو بەردەوامە".

نیوەی ئەمڕۆی ئاژانسی ڕێیتەرز ڕاویکردەوە، هەناردەی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانەوە بە بەندەری جێیهانی تورکیا ڕاوەستاوە، بەهۆی پێبونی کێگاکانی ئەمبارکردنی نەوتەوە لە تورکیا. هاوکات کەمپانیای نەوتی باکوریش دەڵێت، "ڕاگرتنەکە ڕێکارێکی ئاسایی بوە و هەناردەکردنەوە دەستی پێکردەوەتەوە".